# زانیاری دەربارەی فەرمانی بەرلێگرتن

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| ئایا توندوتیژی ناوماڵ چیە؟ | 1 |
| ئایا فەرمانی بەرلێگرتن چیە؟ | 1 |
| ئایا من چۆن دەتوانم داوای فەرمانی بەرلێگرتن بکەم؟ | 2 |
| ئامادەبوون لە دادگا | 2 |
| ئایا کە دەگەیتە دادگا چ ڕوودەدات؟ | 3 |
| ئایا لەناو دادگا چ ڕوودەدات؟ | 3 |
| ئایا کاتێک فەرمانی بەرلێگرتن وەردەگریت چ ڕوودەدات؟ | 4 |
| ئایا دواتر چ ڕوودەدات؟ | 5 |
| ئایا ئەگەر کەسەکەی دیکە فەرمانەکەی شکاند چ ڕوودەدات؟ | 5 |
| ئەی فەرمانەکانی دادگای خێزان چیان لێدێت؟ | 6 |
| ئایا چ ڕوودەدات ئەگەر من بمەوێ دەستکاری فەرمانەکەی بەرلێگرتن بکەم؟ | 6 |
| بۆ یارمەتی دەکرێ پەیوەندی بە کوێ بکەم؟ | 7 |
| خۆبەخاوەننەکردن | 8 |

## ئایا توندوتیژی ناوماڵ چیە؟

توندوتیژی ناوماڵ (Domestic Violence) لەناو هەموو چین و توێژەکان، لەناو هەموو کۆمەڵگەکان، ڕوودەدات. توندوتیژی ناوماڵ بریتیە لە خراپ بەکارهێنانی هێز لەنێوان ئەو کەسانەی پەیوەندییەکی پتەو و گیانی بە گیانی بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، یان دوای لێکجیابوونەوەیان، ئەویش لە ڕێگەی نواندن یان ئەنجامدانی کۆمەڵێک ڕەفتاری خراپکارانە. ئەو خراپکاریانە ئەمانە دەگرێتەوە: توندوتیژی جەسەدی یان سێکسی، جنێودان و قسەی ناشیرن، هەڕەشەو تۆقاندن، خۆدانوساندن و ئابلۆقەی ئابوری. هەموو ئەو جۆرە ڕەفتارانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا قەبوڵنەکراو و ڕێگەپێنەدراون، هەندێکیشیان بە ئاشکرا دژی یاسان.

یەکێک لە ئامانجەکانی پۆلیس لە ساوس ئوستراليا بریتییە لە پاراستن و زەمانەتکردنی سەلامەتی قوربانیانی توندوتیژی ناوماڵ. فەرمانی بەرلێگرتن لەوانەیە ببێتە مایەی پاراستنی تۆ و خێزانەکەت. ئەم نامیلکەیە هەموو ئەو شتانەت بۆ ڕوندەکاتەوە کە لە ئاکامی پەیوەندیکردنت بە پۆلیس بۆ وەرگرتنی فەرمانی بەرلێگرتن دێنەپێش. هیواداریـن وەڵامی پرسیارەکانی تۆی تێدابێت، هەروەها یارمەتیت بدات لە بڕیاردانی ئەوشتەی کە دەتەوێ بیکەیت.

## ئایا فەرمانی بەرلێگرتن چیە؟

فەرمانی بەرلێگرتن (Restraining Order) فەرمانێکی دادگایە، ڕێگە لە کەسێک (شکاتلێکراو) دەگرێ لە ئەنجامدانی هەر ڕەفتارێکی توندڕەوانە یان هەر ڕەفتارێک ببێتە مایەی تەشقەڵەپێکردن، هەڕەشەلێکردن یان ئازاردانی تۆ (شکاتکەر). لەوانەیە کەسەکەی دیکە فەرمانی پێبدرێ کۆمەڵێك شت نەکات، وەک: هاتن بۆ ماڵی تۆ، چوون بۆ قوتابخانەی منداڵەکانت، بەدواکەوتن یان چاودێریکردنی تۆ، یان پەیام ناردن بۆ تۆ. فەرمانێک تایبەت بە تۆ و حالەتەکەی تۆ دەردەچێت.

ئەوە تاوانە ئەگەر کەسەکە هەر شتێکی کرد کە بەپێی فەرمانەکە نەدەبوو‌بیکات. بەوە دەگوترێت 'شکاندنی' فەرمانەکە. تۆ دەبێ پۆلیس ئاگادارکەیەتەوە ئەگەر کەسەکە هەر شتێکی کرد کەبووەمایەی شکاندنی فەرمانەکە.

## ئایا من چۆن دەتوانم داوای فەرمانی بەرلێگرتن

چوون بۆ پۆلیس ئاسانترین ڕێگەیە بۆ داواکردنی فەرمانی بەرلێگرتن.

واچاکە کە دەچیت بۆ پۆلیس خۆت ئامادەکردبێت. لەگەڵخۆتدا هەموو ئەو بەڵگەو زانیاریانە ببە کە پێتوایە پشتیوانی لە قسەکانت دەکەن. لەوانەیە ئەمانە بگرێتەوە:

- هەر تێبینییەک کە لەلای خۆت نوسیبێتت لەسەر ئەو شتانەی کەسەکەی دیکە کردونی، وەک: زانیاری دەربارەی کەی و لە کوێ شتەکان ڕوویاندا.
- هەر وێنەیەک یان بەڵگەیەک کە خراپەکارییەکانی کەسەکە نیشاندەدەن، وەک وێنەی کەلوپەلە شکاوەکان یان ئازاردراوەکان.
- کۆپی هەر فەرمانێکی دادگای خێزان (Family Court Orders) لەسەر منداڵەکانت.

ئەگەر پێتوایەکەسەکەی دیکە چەکی هەیە ئەوە دەبێ پۆلیس ئاگادارکەیتەوە. چونکە، ئەگەر فەرمانی بەرلێگرتن دەرچوو، ئەوە دادگا داوای تەسلیمکردنی چەکەکە لە کەسەکە (شکاتلێکراو) دەکات، تا کۆتایی ماوەی فەرمانەکە. لەسەر قسە نوسراوەکانت سوێند دەدرێیت، بەمەش دەڵێن دانپێنانی نوسراو (affidavit). دانپێنانەکەت چیرۆکی ڕووداوەکانتەو بنەمای داواکەت بۆ فەرمانی بەرلێگرتن پێکدێنێت. بە سوێندخواردن لەسەر دانپێنانی نوسراو، تۆ بە دادگا دەڵێیت هەرچی لە دانپێنانەنوسراوەکە هاتووە ڕاستە. درۆکردن لە دانپێنانی سوێند لەسەر خوراو بە تاوان دادەنرێت.

دواتر دانپێنانەکە دەنێردرێت بۆ بەشی دادپرسی تاوان لە پۆلیس ( Police Criminal Justice Section)، لەوێ دادوەری پۆلیس (police prosecutors) تەماشای دەکات بزانێ بنەمایەک هەیە بۆ دەرکردنی فەرمانی بەرلێگرتن. ئەگەر داواکەت بنەمای هەبوو، ئەوکات پۆلیس بە نوێنەرایەتی تۆ دەچێت بۆ دادگا. بەگشتی، تۆش دەبێ بچیت بۆ دادگا، بەڵام پۆلیس لەجیاتی تۆ قسەدەکات.

لەشار:

- ئاگادار دەکرێیتەوە لە کاتی چوونت بۆ دادگای پێکهاتن (Magistrates Court).

لەدەرەوەی شار:

- ئەگەر پێویست بکات بچیت بۆ دادگا ئەوە بەشی دادپرسی تاوان لە پۆلیس ( Police Criminal Justice Section) پەیوەندیت پێوەدەکات.

## چوون بۆ دادگا

دەبێ لەوە دڵنیابیت کە لەو کاتەی لەلایەن ئەفسەرەکەی پۆلیس بۆت دیاریکراوە بگەیتە دادگا. ئەگەر تاخیربووی یان دەزانی پێڕاناگەی، پێش کاتی دیاریکراو تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەو لە هۆیەکە ئاگاداریان بکەوە.

کە دەگەیتە دادگا، لە فەرمانبەرەکەی پرسگە بپرسە کە دەبێت بچیت بۆ کامە ژووری دادگا.

## ئایا کە دەگەیتە دادگا چ ڕوودەدات؟

ئەگەر دادگاکە لە ناو شار بێت، ئەوە ئەفسەرەکەی پۆلیس پێشوازیت لێدەکات و قسەت لەگەڵ دەکات. ئەگەر دادگاکە لە دەرەوەی شار بێت، ئەوە دادوەری پۆلیس (police prosecutors) لێت دێتەپێش. ئەگەر تا ئەو کات دانپێنانە نوسراوەکەت (affidavit) نەخوێندۆتەوەو سوێندت لەسەری نەخواردوە، ئەوە لە بەردەم ئەفسەرێکی پۆلیسی ڕێگەپێدراو یان نوسەری ڕەوایی ( Justice of the Peace) ئەم کارەت بۆ ڕێکدەخرێ. لە بیرت نەچێت، سوێندخواردن لەسەر دانپێنانێکی نوسراو (affidavit) کە زانیاری ناڕاستی تێدابێت بە تاوان دادەنرێت.

لەبەرئەوەی دانپێنانەکەت وەک بەڵگەیەک لە دادگا بەکاردێت، لەوانەیە پێویست نەکات لە ژووری دادگا بەڵگەی زارەکی پێشکەش بکەیت. سەرەڕای ئەوەی کە لەوانەیە پێویست نەکات لە ژووری دادگا بەڵگەی زارەکی پێشکەش بکەیت، کەچی هەر دەبێ لە دادگا بمێنیتەوە.

لەوانەیە داوات لێبکرێت لە دەرەوەی ژووری دادگا چاوەڕێبکەیت تا ئەو کاتەی دادپرس (magistrate) ئامادەدەبێت گوێ لە داواکەی تۆ بگرێت. فەرمانبەرێکی دادگا لە کاتێکی گونجاو بانگت دەکات.

## ئایا لەناو دادگا چ ڕوودەدات؟

**ئەو کەسەی کە تۆ داوای فەرمانی بەرلێگرتنت لەسەر پێشکەش کردوە لە کاتی خوێندنەوەی داواکەی تۆ لە دادگا نابێت.** ئەگەر لەبەر هەر هۆیەک ئەو هاتە ئەوێ و تۆش هەستت بە مەترسی کرد، ئەوا فەرمانبەرێکی پۆلیس یان دادگا ئاگاداربکەوە.

کاتێک دادپرس ئامادەیە گوێ لە داواکەی تۆ بگرێت، ئەوا داوات لێدەکرێت بچیتە ژووری دادگا و لەسەر یەکێک لە کورسیەکانی دواوەی ژووری دادگا دانیشی.
کاتێک گوێت لە ناوی ئەو کەسە دەبێت کە تۆ داوای فەرمانی بەرلێگرتن لەسەر پێشکەش کردوە، ئەوە مانای ئەوەیە کە مەسەلەکە 'داواکرا' (called on). ئەوە ڕێوڕەسمی دادگایەو مانای ئەوەیە کە دادپرس ئامادەیە سەرنج بداتە داواکەی تۆ.

**دەبێ تۆ هەر لە جێگەکەی خۆت دانیشیت. لەم قۆناغەدا پێویست ناکات هیچ شتێک بکەیت مەگەر لەلایەن دادپرس، فەرمانبەرێکی دادگا یان فەرمانبەرێکی پۆلیس داوات لێبکرێ.**

ئەگەر دادپرس بیەوێت شتێک ڕونبکاتەوە، ئەوە لەوانەیە داوات لێبکات بچیت بۆ بۆکسی شایەتەکان، کە دەکرێ پرسیارت لێبکرێ. زۆرجار هەر لە جێگەکەی خۆت، لە دواوەی ژووری دادگا، پرسیارەکانت لێدەکرێ و تۆش هەر لەوێوە دەتوانی وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە. فەرمانبەرەکەی پۆلیسیش ئەگەر پێویستی بە زانیاری زیاتر بێت لەسەر شتێک لەوانەیە پرسیارت لێبکات. بە وردی گوێ لە پرسیارەکان بگرەو بە ڕاستیی وەڵامیان بدەوە.

کاتێک دادپرس بڕیارەکەی خۆی دەدات، ئەوە مانای ئەوەیە داخۆ ڕەزامەندی لەسەر فەرمانی بەرلێگرتن داوە یان نا.

لەو کاتەی دادپرس داواکەی تۆ دەخوێنێتەوە بە وردی گوێی لێبگرە. ئەگەر شتێکت بەسەردا تێپەڕ بوو، ئەوە دەتوانی دوای تەواو بوونی گوێگرتنەکە لە فەرمانبەرەکەی پۆلیس بپرسی، ئەویش شتەکانت بۆ ڕوندەکاتەوەو وەڵامی هەر پرسیارێکی کە هەتبێت دەداتەوە.

## ئایا کاتێک فەرمانی بەرلێگرتن وەردەگریت چ ڕوودەدات؟

دادگا هەمان ڕۆژ فەرمانەکە دەردەکات، بەڵام، دەبێ ئەوە بزانی کە **فەرمانەکە کارپێکراو نابێت تا ئەو کاتەی پۆلیس بەدەستی خۆیان کۆپییەک لە فەرمانەکە دەدەنە دەست کەسەکەی دیکە** (شکاتلێکراو).
ئەگەر دەکرێ، تکایە بە کەسەکەی دیکە مەڵێ کە بڕیارە پۆلیس فەرمانی بەرلێگرتنت بدەنەدەست، چونکە ئەمە لەوانەیە تەگەرە بخاتەپێش پۆلیس لە گەیاندنی فەرمانەکە بە کەسەکە.
**پۆلیس تۆ ئاگادار دەکاتەوە لە کاتی دەستبەکاربوونی فەرمانەکە**، بەڵام ئەگەر ترست هەیە، ئەوە دەتوانی پەیوەندی بە نزیکترین بنکەی پۆلیس بکەیت.

چەند ڕۆژێک دوای ئامادەبوونت لە دادگا، لەڕێگەی پۆست یان پۆلیسەوە **سێ کۆپی** لە فەرمانەکەی بەرلێگرتن بە دەست تۆ دەگات. وا چاکە کۆپییەک لە شوێنێکی باش هەڵگری، کۆپییەکیش لەگەڵ خۆت هەڵگرە (بۆنمونە، لەناو جانتاکەی دەستت یان ناو ئوتۆمۆبیل)، کۆپییەکیش بدە بەو کەسەی کە پێتوایە پێویستی پێیەتی (بۆنمونە، قوتابخانەی منداڵەکانت).
فەرمانەکە بە وردی بخوێنەوە بۆ ئەوەی بزانی کەسەکەی دیکە (شکاتلێکراو) دەتوانێ / ناتوانێ چ بکات (مەرجەکان). لەڕێگەی ئەمەوە دەزانی داخۆ ئەو شتانەی کەسەکەی دیکە دەیانکات هیچ کام لە مەرجەکانی فەرمانەکەیان شکاندوە یان نا، ئەگەر کەسەکە مەرجەکانی پێشێلکرد ئەوکات دەبێ پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەیت.
بەگشتی، فەرمانی بەرلێگرتن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەردەچێت، بۆنمونە، ساڵێک یان دوو ساڵ.
ئەگەر فەرمانەکە ماوەیەک دیارینەکات، ئەوە مانای ئەوەیە کە فەرمانەکە تا هەتایە درێژەی دەبێت.

## *ئایا دواتر چ رِوودەدات؟*

فەرمانی بەرلێگرتن ڕۆژێکیشی تێدا دیاریکراوە بۆ کەسەکەی دیکە کە بچێت بۆ دادگا، ئەوە **ئەگەر کەسەکە ناڕازیبێت بەو مەرجانەی لە فەرمانەکەی بەرلێگرتن هاتوون**. پۆلیس کێشەی نارەزامەندییەکان یەکلادەکاتەوە، ئەگەر هەر گۆڕانکارییەکیش لە فەرمانەکە کرا ئەوە ئاگادارت دەکەنەوە. **لەو ڕۆژەی بۆ کەسەکەی دیکە دیاریکراوە، تۆ پێویست ناکات بچیت بۆ دادگا**. ئەگەر دوای گوێگرتن لەلایەن دادگاوە، کەسەکە هێشتان ناڕازیبوو بە فەرمانەکە، ئەوکات کەیسەکە دەدرێت بەدادگا.

ئەگەر پێویست بکات بچیت بۆ دادگا، ئەوا پۆلیس لە کات و شوێنەکە ئاگادارت دەکاتەوە. **ئەگەر ئەمجارە بچیت بۆ دادگا، ئەوا دەبێ لە قەفەسی شایەت (witness box) بەڵگەکانت بخەیتەڕوو**. کەسەکەی دیکە (شکاتلێکراو) ئەویش دێت بۆ دادگا، جا ئەگەر هەست بە سەلامەتی ناکەیت تکایە پۆلیس ئاگاداربکەوە تا بتوانن ئامادەکاری پێویست بکەن، تاوەکو تۆ هەست بە سەلامەتی بکەیت.

ئەوەی زۆر گرنگ بێت کە بیزانی ئەوەیە کە فەرمانی بەرلێگرتن کارپێکراو دەبێت تا کۆتایی هەر دانیشتنێک بۆ گوێگرتن لە کەسەکەی دیکە. دادگا دەتوانێ فەرمانەکە پشتڕاستکاتەوە. ئەگەر پشتڕاستکردنەوەی لە فەرمانەکە هەڵبژارد، ئەوە فەرمانەکە درێژە بە پاراستنی تۆ دەدات تا کاتی کۆتایی هاتنی ماوەی فەرمانەکە یان دەستکاریکردنی لەلایەن دادگاوە.

## *ئایا ئەگەر کەسەکەی دیکە فەرمانەکەی شکاند چ ڕوودەدات؟*

ئەگەر شکاتلێکراو هەر مەرجێک لە مەرجەکانی فەرمانەکەی شکاند، بەوە دەگوترێت پێشێلکردنی فەرمانەکە. ئەوەش بە تاوان دادەنرێت و لەوانەیە شکاتلێکراو تاوانبار بکرێت.

تۆش دەبێ ئاگاداربیت هیچ کارێکی وا نەکەیت کە پێشێلی فەرمانەکە بکات، یان کارێک بکەیت وا لە کەسەکەی دیکە بکات پێشێلی فەرمانەکە بکات. بۆنمونە، ئەگەر کەسەکەی دیکە بەپێی فەرمانەکە ڕێگەی پەیوەندیکردنی بە تۆ لێگیرابێت، ئەوە نابێت تۆ سەردانی بکەیت یان تەلەفۆنی بۆ بکەیت. دەنا، لەوانەیە ئەمە بە پێشێلکردنی یاسا دابنرێت و بە ئەنجامدانی تاوان تاوانبار بکرێیت.

ئەگەر لە بەردەم تۆ دا شکاتلێکراو فەرمانەکەی بەرلێگرتنی پێشێلکرد و تۆ هەستت بە خەتەر کرد، دەبێ یەکسەر تەلەفۆن بۆ 444 131 بکەیت (لە حالەتی خەتەردا تەلەفۆن بۆ 000 بکە)، ئەوکات پۆلیس ڕەوانە دەکرێت بۆ یارمەتیدانت.

ئەگەر پێتوایە کە فەرمانەکەی بەرلێگرتن پێشێلکرا بەڵام تۆ لە خەتەردانیت (بۆنمونە، شکاتلێکراو بە پێچەوانەی مەرجەکانی فەرمانەکە سەردانی منداڵێکی تۆی کردووە لە قوتابخانە)، **دەبێ بچیت بۆ نزیکترین بنکەی پۆلیس و راپۆرتی حالەتەکە بکەیت.** تاوەکو پۆلیس لە مەسەلەکە بکۆڵنەوە.

لەبیرت نەچێت – کاریگەری فەرمانەکەی بەرلێگرتن دەوەستێتە سەر خۆت. هەموو پێشێلکارییەک یەکسەر راپۆرت بکە.

## *ئەی فەرمانەکانی دادگای خێزان چیان لێدێت؟*

ئەگەر مەسەلەکە منداڵانیش دەگرێتەوە، **وا چاکە راوێژی یاسایی لە کەسێکی یاسایی وەربگریت** بۆئەوەی یارمەتیت بدات لەوەی داخۆ پێویست دەکات داوا پێشکەش بەدادگای خێزان ( Family Court) بۆ بەدەستهێنانی فەرمانی دادگای خێزان (Family Court Order). دەبێ ئەوە بزانی کە مەرجەکانی فەرمانی دادگای خێزان **لەوانەیە هەموو ئەو مەرجانەی لە فەرمانی بەرلێگرتن هاتوون بسڕێتەوە.** پۆلیس دەتوانی ئەوەت زیاتر بۆ ڕونبکاتەوە.

## *ئایا چ ڕوودەدات ئەگەر بمەوێ دەستکاری فەرمانەکەی بەرلێگرتن بکەم؟*

ئەگەر بارودۆخی تۆ گۆڕا، لەئاکامدا حەزتکرد دەستکاری مەرجەکانی ناو فەرمانەکەی بەرلێگرتن بکەیت یان فەرمانەکە هەڵوەشێنیتەوە، ئەوە پەیوەندی بەیەکەی لێکۆڵینەوەی منداڵ و خێزان (Child and Family Investigation Unit) لە پۆلیس یان نزیکترین بنکەی پۆلیس بکەو هۆکانی دەستکاریکردن یان هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکەیان پێبلێ.

بۆ دەستکاریکردن یان هەڵوەشاندنەوەی هەر فەرمانێک دەبێ جارێکی دیکە دادگا دابنیشێ و گوێتان لێبگرێ. دەبێ ئەوە بزانی کە تەنها دادگا دەتوانێ دەستکاری فەرمانی بەرلێگرتن بکات یان هەڵیوەشێنێتەوە. فەرمانی بەرلێگرتن بەپێکهاتنی تۆ و کەسەکەی دیکە ناکرێ دەستکاری بکرێت.

هەردووکتان، تۆ و کەسەکەی دیکە، لە کات و شوێنی گوێگرتن (لەدادگا) ئاگادار دەکرێنەوە. بۆ ئەمەیان دەبێ بچیت بۆ دادگا. بەگشتی، کەسەکەی دیکەش دێت بۆ دادگا.

پۆلیس و دادگا دەزانن کە هەندێجار بارودۆخەکان دەگۆڕێن و بەرەو باشی دەڕۆن و فەرمانەکەش بەمپێیە دەکرێ دەستکارییبکرێ. لەگەڵئەوەشدا، پۆلیس دەیەوێ دڵنیابێت لەوەی کە تۆ هەر سەلامەت دەبیت و خەتەرت لەسەر نیە، هەروەها دەیانەوێ بزانن داخۆ لەژێر جەخت داوای دەستکاریکردنی فەرمانەکە دەکەیت یان نا، نەبادا ئەم کارە تۆ و خێزانەکەت بخاتە ژێر خەتەرەوە.

هەندێجار پۆلیس بەوەڕازینابێت کەتۆ بچیت بۆ دادگاو داوای دەستکاریکردنی فەرمانەکەی بەرلێگرتن بکەیت، بەتایبەتی ئەگەر باوەریان وا بێت کە ئەم کارە زیاتر گیانی تۆ و خێزانەکەت دەخاتەخەتەر و زیاتر دەبنە قوربانی توندوتیژی ناوماڵ.

## بۆ یارمەتی دەکرێ پەیوەندی بە کوێ بکەم؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆ فریاکەوتن (emergency) | | | 000 |
| بۆ یارمەتی یان هاتنی پۆلیس | | | 131 444 |
| یەکەی لێکۆڵینەوەی منداڵ و خێزان لەپۆلیس (Child and Family Investigation Unit) | | | |
| ئەدلاید (Adelaide) | 8463 7090 | دوای کاتی کار | 8346 7007 |
| ئیلیزابێس (Elizabeth) | 8207 9353 | دوای کاتی کار | 8207 9442 |
| هۆڵدن هیل (Holden Hill) | 8207 6034 | دوای کاتی کار | 8207 6000 |
| پۆرت ئەدیلاید (Port Adelaide) | 8207 6413 | دوای کاتی کار | 8207 6444 |
| ساوس کۆست (South Coast) | 8392 9172 | دوای کاتی کار | 8392 9000 |
| ستێرت (Sturt) | 8207 4801 | دوای کاتی کار | 8207 4700 |

لەدەرەوەی شار، پەیوەندی بە بنکەکەی پۆلیسی ناوچەکەت بکە.

ئەگەر تۆ قوربانیەکی توندوتیژی ناوماڵی و ئینگلیزی نازانیت و پێویستیشت بە پشتیوانی و یارمەتی هەیە بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی فەرمانی بەرلێگرتن، تکایە پەیوەندی بە **خزمەتگوزاری جێگاوڕێگای پشتیوانی لە ژنە کۆچبەرەکان (Migrant Women's Support and Accommodation Service)** بکە لەسەر ئەم ژمارەیە: **8346 9417**.

لیستی ئەو دامودەزگایانەی کە دەتوانن یارمەتی و پشتیوانی بە قوربانیانی توندوتیژی ناوماڵ پێشکەشبکەن لە بنکەکەی پۆلیسی نزیک ماڵتان دەستدەکەوێت.

**خۆبەخاوەننەکردن:** ئەم نامیلکەیە دەستپێشخەرییەکە بۆ خزمەتێکی گشتی کە لەلایەن پۆلیسی ساوس ئوسترلیا ئامادەکراوە. هەندێک زانیاری گشتی لەخۆدەگرێ وەک ڕێنماییەکی پراکتیکی، مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی سەلامەتی خەڵک و کەمکردنەوەی ڕادەی تاوانە.

لەکاتێکدا هەموو وردەکارییەک لەبەرچاوگیراوە هیچ زەمانەتێک یان نوێنەرایەتیەک لە ڕاستی و دروستی، هەنوکەیی یان پڕپێستی زانیارییەکان یان ڕێنماییەکان، چ بەدەربڕیی یان جێبەجێکردن، کە لەنامیلکەکەدا هاتوون، ناکات.

هیچ زەمانەتێک یان نوێنەرایەتیەک، چ بەدەربڕیی یان جێبەجێکردن، لەسەر ئاکامەکانی پشبەستن بە زانیارییەکان یان ڕێنماییەکان کەلەو نامیلکەیەدا هاتوون، ناکات. هیچ لێپرسیاویەک یان بەرپرسیەک لەئەستۆ ناگرێت، لەسەر هەڵەیەک یان بەهەڵەداچوونێک، کە ببێتەمایەی زەرەری کەسێک لەئاکامی پشبەستن بە زانیارییەکان یان ڕێنماییاکانی لەو نامیلکەیەدا هاتوون.

لە پەیوەند بە کەیسەکەیان، خوێنەرانی ئەم نامیلکەیە هاندەدەین کە داوای ڕێنمایی یاسایی سەربەخۆ یان ڕێنمایی گونجاو لە کەسێک یان دەزگایەکی پرۆفیشنال بکەن.

© 2005 ویلایەتی ساوس ئوستراليا
مافی چاپی ئەم بڵاوکراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ تاج (Crown) لە ویلایەتی ساوس ئوستراليا. بێجگە لە مافەکانی بەکارهێنان کە لە کارنامەی مافی چاپ 1968 دا هاتووە، هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ڕەزامەندی خاونەکەی، بەنوسراو، نابێت دووبارە چاپبکرێتەوە. داواکان دەبێ بنێردرێن بۆ (South Australia Police, Box 1539, GPO, ADELAIDE, South Australia 5001).

ڕێز وپێزانیمان هەیە بۆ بەشی دیراساتی قەزایی لە(TAFE SA Adelaide South) بۆ بەشداریکردنیان لەدیزاین و چاپکردنی ئەم نامیلکەیە.

ئەم نامیلکەیە بە هاوبەشی لەلایەن ئەم دەزگاو ڕێکخراوانە بەبەرهەم هاتووە: بەشی کەمکردنەوەی تاوان (Crime Reduction Section) لە پۆلیسی ساوس ئوستراليا؛ ڕێکککخەری قوربانیانی تاوان (Victims of Crime Co-ordinator) لەیەکەی ستراتیجی دادوەری و بەشی پۆلیس و یاسادانان، وەزارەتی دادوەری گشتی (Attorney-General's Department).